# وڵاتێک لەشووشە

شیعری < حەمەشوان شەریف
خاکەلێوی 2007

پێشبنی ئەوە دەکەم زریانێک بەڕێوەبێ و
ئەم تاریکیە ڕابماڵێ هەر بە شووشە *.

لەبەر تریفەی بارانێکی دەنگداردا
هێور هێور وەک پەڕە ڕەنگاو ڕەنگەکانی
پەپولەکان
دەبووین بەژێر پێوە
تا زریانێک لەخۆێن
ئاڵایایە سێبەرەکانیشمانەوە .،
ئەی ئەزیزانم
دایکانی چاو شووشە
نیگەران مەبن
لەو دار بەڕووانەی
لەدوا هاناسەیاندا خەڵتانی خوێن بوون و
دەستێک هات کەوتە بڕینەوەیان و
یەکە یەکە سەری هیوایانی تاشی ،.
خۆتان لەو گڵەدا مەگەوزێنن
ئەی ئەو دایکانەی
تەنانەت ژیانیش
موشتێ پێکەنینی بەشی ئێوە نەیا !
بەڵام ، ئێوەی بەخەم گەیوو
شا درەختی ناو دارستانەکانی هەتاون .،.
ئێوارەیەکی زۆر عاجزن و فەقیانەکانتان
پڕە لە لە چاو سڕینی گریان .
ئێوەش ،ئەی ئەو باوکانەی
هیچ قاوە گرەوە یەک نەیتوانی
لەتاو زۆری کار و
زبری ناولەپتان ئایندەتان
بۆ بخۆێنێتەوە ،
بۆیە ناچار بێکاری لە سنووری
ئێوەدا بەتەنیا دەسووڕایەوە .!
ئێوە <
لەو شا خانە مەلوول مەبن
سەردەمێکە قژیان دانەهێناوە و

**نێرگزیان نەداوە لەیەخە و**
**نیگایان بووە بەکێل و**
**سنەوبەری بالآیان**
**ئارەقەی کردوە و بەدیار**
**ئایندەیانەوە نوشتاونەتەوە ،.**

**ئەی ئەو باوکانەی**
**سەردەمێکە هەر بە مەراقەوە ماونەتەوە !**
**تکایە با بێ ئومێدی**
**لە پیکابەکەی ڕەوف ە سووردا ***
**یەکە یەکە هەڵتان نە چنێ !،.!**
**پێتان ئەڵێم**
**ئەو تۆزە ڕووناکیەی**
**لە ژوورە تاریکەکەتاندایە**
**مەحاڵە خامۆش ببێت .،.**

**مناڵە بێخاوسەکانی کۆڵانەکانی دڵمان**
**بەرد فڕێمەدەن**
**نەبا سەری گوڵاڵە سوورەیەک بوەرێ ،**
**بەڵکو ئەمە خوایە**
**پەلکەگیایەک سنوورێکتان بۆ جیابکاتەوە .~**
**کچە مەلوولەکانی شاراوەی**
**ژێر باڵی بیابانە نەووسنەکان**
**چاوەڕێمان کردن چاوەڕێ ! ! !**
**لەبەر باران زۆر پاڕاینەوە**
**تکامان ڕشتە بەرپێی خۆرهەتاوەوە**
**دەرگایەک نەما مستەکۆڵەی پیانەکێشین**
**هەورێک نەما ڕاینەوەشێنین**
**بەگریانەوە لەبەر ئەو بارانەدا**
**یەکتریمان ئەژمارد**
**ئا ..ئا . هەردەمانزانی ئێوەمان کەمە !**
**جارێکی تر خۆمان دەژماردەوە**
**کەمتر دەبووینەوە و کەمتر**
**ک م ت ر .**
**کچە ئەنفالەکانی ترپەی دڵمان**
**ئێوە !!!!!**
**تفمان بۆ ڕۆمەکەن**
**ڕەنگە ئاگاداری ئێمەنەبن**

**ئێمەش بەدیار دوو ڕەنگەوە**
**زەمەنێکە ئاڵاوینەتە نەهامەتی**
**خوێن مان لەبەردایە و**
**دڵێکی لاستیکیان بۆ داناوین**
**کەبۆ مان نیە**
**بە ئێوەوە خەوببینین ~~!و**
**بیرتان لێبکەینەوە کە لە و سەحرایەدا**
**تینووی یەک ژمارەتانین ،**
**بەکوێی ئێوەدا ڕابگەین**
**کە ئێمە شەلاڵیان کردووین لە بێهۆشی**
**برسیەتی ماڵەکانی داپۆشیوین و**
**بەسەرە پێڵاوە نوێکەمان لەپێئەکەین و**
**بەسەرە لەبەر سووتانی دار بەڕویەکدا**
**گەرمان دەبێتەوە و**
**لە ژێر ڕووناکی مۆبیلێدا**
**شیر بۆ مەلۆتکەیەک سازدەکەین و**
**بەدیار کراسی خوێناوی بەرمانەوە دانیشتوین**
**تا ووشک ببینەوە !!!!!.و**
**ئەو دەمە بتاندۆزینەوە .**
**لە ئێمە گەڕین ،**
**ئەی ئەو کیژۆڵانەی زەمەنێکە مەمکەکانتان**
**چرچو پیربوون بۆ ئەو کوڕەنێرگزانەی**
**لە ژێر دار ئەرخەوانێکدا بەئارامی شومشاڵ ئەژەنن**
**بۆ ئێوە و برای ئەنفالییان**
**ئێوە لە ئێمە گەڕێن**
**بەڵام ئێمە لێتان ناگەڕێین دەشێ هەر بتاندۆزینەوە**
**لەژێر ئەم خۆرهەتاوەتەدا ئەگەرێکمان نەماوە**
**پێتان بگەین ،**
**ئەی ئەو دڵدارانەی وێنەی دڵدارەکانتان**
**لە گیرفاندا ئارەقەی لێدەڕژێ ~!**
**لە و جەنگانە خۆش مەبن**
**پێناسەیەکیان هەیە بۆ دابڕان**
**بیانەوێت لە بەفرێک دروستتان کەن**
**بەس بۆ توانەوە**
**یان لەئاسمانێکدا هێڵتان بۆبکێشن**
**بێ ئەستێرە**
**لە سنوورێکدا بتان ناژن بێناونیشان .~!،**
**بەبیرم هاتەوە !**

**سەرجەمی کۆیی ئەم ژمارانە لە تۆ ،**
**لە ئێوە ، لە ئەوان**
**ئەپرسم !؟**
**182000هەزار ئەستێرە**
**7000هەزار گوڵە شێتەکانی ناو شار**
**زیاتر لە 5000 هەزار گوڵە ڕەعنا**
**200000هەزار مۆردانەی مەلوول**
**چەند ملیۆنێک**
**سنەوبەری باڵابەرزی خەمگین و**
**قژ سپی**
**با ماندو نەبن ،**
**زۆر بیری لێمەکەنەوە ،**
**من**
**بە کۆی ئەم ژمارانە گریانم دێ ~! >**
**ئەی نازانم تۆ !**
**ئەی باشە بۆ بێدەنگ دانیشتوویت و**
**شتێ ناڵێی بۆ بەرد وخوا ،**
**یان وەرە پێکەوە بڵێین**
**وڵاتێکمان هەیە بووە بە شووشە**
**دایکێکمان هەیە چاوی لە شووشەیە**
**مناڵمان هەیە دڵی لە شووشەیە**
**هەناسەشمان هەرلەشووشە و**
**لەشمان هەر لە شووشە و**
**سەرمان هەر لە شووشە و**
**مێژووشمان پەڕەکانی هەر لە شووشە .**
**ئەوسا**
**پێشبنی ئەکەین**
**ڕۆژێ دابێ بشکێین**
**نەک لە کاتژمێری سفرا**
**ئەمجارەیان لە کاژمێری 100 % دا ئەشکێین**
**ها کا شکاین**
**ها کا شکاین**
**ووردوخاش بووین**
**یەک یەک ڕۆبووین**
**بۆ سەر شەقامەکان**

**بوین بەزریان هەر لەشووشە،**
**بووینەوە بەباران هەرلەشووشە**

**تا کۆشکی پڕگڵۆپی نا یاسای دەستەڵات و**
**ئەم گەندەڵییە ڕادەماڵین ،،،،.**
**ئەوسا**
**نیشتیمانێکی قژڕەش ی**
**بەرگ سپی بەدەم پیاسەکردنەوە**
**دەستی مناڵێکی هەڵەبجەی ئەگرێت و**
**گۆڕی یەکەم شەهید و یەکەم ئەنفال**
**لەبەردەم پەیکەرەکەی عومەری خاوەرا***
**ورد ورد مێژووی ئەو ڕۆژانە و**
**کەرنەڤاڵی سەمای شاری پڕ هەتاوی**
**بۆ باس ئەکات ،.**
**ئە کا ت .**

**لە ساڵی 2004دا هۆنراوەیەکم نوسی بەنێوی دڵێک لە شووشە**
**نەمزانی هەمومان دەبین بەشووشە .**
***پیکابەکەی ڕەوفە سوور ***
**ئەو پیکابەیە هەمووتان بینیوتانە**
**لە شاشەی تێڤێکانەوە لە یادکردنەوەی ڕۆژی 160388دا .**